KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-10-2007 0:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**مامۆستا مەسعوود لە نێو وتە سادەکانی ئەمیری حەسەن پوور و ڕەخنەکانی جەمال نەبەزدا. ... وریا ماملێسی**

کاک ئەمیری حەسەن پوور لە ژمارە 304 ی هەفتەنامەی میدیا لە هەڤپەیڤینێکدا دەربارەی مامۆستا مەسعوود محەمەد بەم شیوەیە دێتە زمان و دەڵێ:

" □.. مامۆستا مەسعوود محەمەد تەنیا ڕەخنەی لە من نەگرتووە، ڕەخنەی لە چەپی کورد گرتووە، بەڵام ئەو جۆرەی ئەو لە چەپی کورد تێگەیشتووە پێموایە باشی تێنەگەیشتووە. چونکە ئەو هەموو چەپی کورد تێکەڵ دەکا و تەواوی چەپی کورد بە یەک کاتیگۆری دادەنێ و پێیوایە ئەوانە گشتیان شیوعین و شیوعیەتیش ئەوەیە کە حیزبی شیوعی عێراق کردوویەتی واتە ئەوەی ئەو لە حیزبە شیوعیەکانی عێراق و سوریا و ناوچەکەی بینیوە پێی وایە ئەوە مارکسیزمە، مارکسیزم ئەوەی من تێیگەیشتووم ئەوە نیە کە ئەو حیزبانە تێیگەیشتوون... ".

لێرەدا بە پێویستم زانی ئەم برگەیەی وتەکانی کاک ئەمیر وەک خۆی بنووسمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگاداری قسەکانی کاک ئەمیر بێت و بزانێ ڕۆشنبیرێکی چەپی کورد چۆن لە مامۆستا مەسعوود و شیکردنەوەکانی ئەو لەمەڕ چەپ و مارکسیزم تێگەیشتووە.

خوێنەری بەڕێز ئەم خوێندنەوەی کاک ئەمیر بۆ شرۆڤە و شیکردنەوەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد لەمەڕ فەلسەفەی مارکسیزم و تەڤگەری چەپ خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی گەلێک سادە و سافیلکەیە. مامۆستا مەسعوود لە کتێبەکانی وەک (مرۆڤ و دەوروبەر، سێ بەرگە)، (حاجی قادریی کۆیی، سێ بەرگە) بە دوورودرێژی هزر و بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی فەلسەفەی مارکسیزم و تەڤگەری چەپی کورد شی دەکاتەوە و دەیخاتە بەر تیشکی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە. کتێبی (بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت)، بەرهەمێکی تری لەم بابەتەی مامۆستا مەسعوود محەمەدە، ئەم کتێبە وەڵامی نامەیەکی کاک ئەمیر خۆیەتی کە لە ساڵی 1977 بۆ مامۆستا مەسعوودی ناردووە.

لە ڕاستیدا ئەگەر کاک ئەمیر ئەو بەرهەمانەی مامۆستا مەسعوودی خوێندبێتەوە، کە من گومانم هەیە کردبێتی، ئەوە بەو مانایە دێت کە کاک ئەمیر لەو نووسینانەی مامۆستا مەسعوود باش حاڵی نەبووە یاخود بە ئاگاوە دەیەوێ خوێنەری کورد بە تایبەتی نەوەی نوێ چەواشە بکات.

کاکە ئەمیری بەڕێز، مامۆستا مەسعوود محەمەد لە ڕوانگەیەکی تەسکی حیزبایەتییەوە ڕەخنەی لە مارکسیزم و بزوتنەوەی چەپ نەگرتووە بەڵکو ئەو پێش هەموو شتێک ڕەخنەیەکی فەلسەفی فکری نەک سیاسی لە دیدی مادیی جەدەلی گرتووە، ڕەخنەی لەو شیکردنەوە مادییە مارکسیستە گرتووە کە ڕۆڵی هۆش و ئیرادەی مرۆڤی کزکردۆتەوە بۆ مادەی مردوو. بەڵێ ئەو ڕەخنەی لەو وتە زۆر بەنێوبانگەی مارکسیستەکان گرتووە کە دەڵێ بە پێشکەوتنی هۆکانی بەرهەمهێنان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش پێش دەکەون. ڕەخنەی لەو بۆچوونە گرتووە کە پێی وابوو مێژوو بریتتیە لە تەناقوزی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا. کاکە ئەمیر ئەم ڕەخنانەی مامۆستا مەسعوود تەنها چەپی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نەدەگرتەوە بەڵکو سەرانسەری بزووتنەوە مارکسیست و چەپەکانی دەگرتەوە کە فەلسەفەی مارکسیزم کتێبی پیرۆزیان بوو هێندەی پیرۆزی قورئان لای موسڵمان و ئنجیل لای فەلە. جا نازانم چ مارکسیزمێکە تۆ لێی تێگەیشتووی!!

لە کاتێکدا مارکسیستە مەتریالیستەکان و غەیبپەرستانی سەر بە قەزا و قەدەر ڕۆڵی ئیرادە و هۆشی مرۆڤ کەم دەکەنەوە وەیا هەر دەیپووچێننەوە، بە پێچەوانەوە لە هزری مامۆستا مەسعوود محەمەددا مرۆڤ مەرکەزە و هۆش و ئیرادەی مرۆڤ سەرچاوەی هەموو گۆڕانکارە مێژوویی و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانن. بە لای مامۆستا مەسعوود محەمەدەوە مرۆڤ و هۆشی مرۆڤ تاکە عاملی گۆڕان و پێشکەوتنە هەر ئەویشە کە خالقی هەموو فەلسەفە و دین و ئایدۆلۆژیایەکە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جگە لەم ڕەخنە فکریانەی مامۆستا مەسعوود کە لە بیری مادیی دەگرت لە هەمان کاتدا ڕەخنەی توندی لە بزووتنەوەی چەپ و مارکسیستی کورد دەگرت کە لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان تا ڕمانی بلۆکی کۆمۆنیزم بەرەیەکی فراوانی سیاسەتمەدار و رۆشنبیری کوردی گرتبۆوە. مامۆستا مەسعوود داوای لە چەپی کورد دەکرد بەرژەوەندییەکانی خەباتی کوردایەتیی و قەومایەتیی نەکەن بە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خەباتی چینایەتیی، ئینتەرناسیۆنالیزم و هێزە زلەکان کە لەو ساڵانەدا سیمایەکی بەرچاوی چەپ و مارکسیستی کورد بوو. هەروەک مامۆستا مەسعوود هەمیشە دووپاتی دەکردەوە ئەو هێزە زلانە و بزوتنەوە جیهانییانە بۆ تاکتیکیش مەرحەبای کوردی هەژار و بێدەسەڵاتیان نەدەکرد.

کاک ئەمیر لە برگەیەکی تری قسەکانیدا دەڵێ "... بەڵام کتێبەکەی خۆتم سەبارەت بە نالی خوێندۆتەوە و سەبارەت بەو شتەی کە گوتووتە دەربارەی فیۆدالیزمی کورد هەندێ شتم هەیە بیڵێم... "

ئەمە دەقی بەشێکی ئەو وتانەیە کە کاک ئەمیر لە میدیادا وتویەتی. دەمەوێ لێرەدا بە بیری کاک ئەمیری بهێنمەوە و بڵێم مامۆستا مەسعوود محەمەد لە کتێبی (حاجی قادریی کۆیی) بە تایبەتی بەرگی سێیەم باس لە فیۆدالیزم دەکات نەک لە کتێبەکەی (نالی) .

بە کورتی بیروبۆچوونەکانی کاک ئەمیر لەو نامەیەی لە ساڵی 1977 بۆ مامۆستا مەسعوودی نووسیوە ئەوەیە کە چینی فیۆداڵ و سیستەمی فیۆدالیزم لە هەموو جیهاندا لە ڕوانگەی بیرە مارکسیستەکەیەوە یەک شتەو جیاوازی نییە لە نێوان شرە ئاغایەکی دواکەوتووی نەخوێندەواری کوێرە دێیەکی کوردستان و هی ئەڵمان یا فرەنسایەکی خاوەن قەڵاو هۆڵی موزیک و دانس.

بە بڕوای مامۆستا مەسعوود ئەو فیۆدالیزم و بۆرژوازەی کە کاک ئەمیر و چەپی کورد باسی دەکات، بوونی نییە. مامۆستا مەسعوود پێی وایە دوای نەمانی دەسەڵاتی ماددەکان کە زیاتر لە دوو هەزار ساڵێک دەکات کورد وەک نەتەوەیەک نە زمان و سەقافەتەکەی، نە هەژار و دەوڵەمەندەکەی، نە دەرەبەگ و جوتیارەکەی وەک میللەتانی خاوەن کیانی بە دەسەڵات بواری ژیانێکی نۆرماڵ و ئاساییان نەبووە و هەرگیز گەشەسەندنێکی سروشتی بە خۆیەوە نەدیوە.

ژێردەستیی و بێدەسەڵاتیی، هەژاریی و دواکەوتوویی، نەبوونی کیان و حاڵ و ماڵ، داگیرکردن و زەلیل کردنی کورد وەک تاک و نەتەوە بە دەوڵەمەند و هەژارییەوە، بە جوتیار و دەرەبەگییەوە کاریگەری خراپی لە کەسایەتی و دەروونی مرۆڤی کورد کردوە. بەڵێ کاکە ئەمیر نەتەوەیەک لە بارێکی وەها ناسروشتدا بژی هەرگیز ناکرێ فیۆداڵ و بۆرژوازییەکەی بە فیۆداڵ و بۆرژوازی میللەتی خاوەن کیان و دەسەڵات بەراورد بکرێ.

کاک ئەمیری حەسەن پوور لە بارەی زمانناسی مامۆستا مەسعوودەوە دەڵێ:

" ..سەبارەت بە زمان پێم وایە بۆچوونی زۆر باشی هەبوو، دژی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی نەبوو، نایەوێت زمانی کوردی وەها بەرتەسک بکاتەوە کە ئیدی بەکارنەیەت ئەوەش شتێکی گرنگە، دیارە مامۆستا مەسعوود زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی زمانناسی نەبووە، بەڵام بۆچوونی باشی... "

کاک ئەمیر دیسان لە ڕوانگەی فەلسەفە سیاسییە ئینتەرناسیۆنالیزمەکەیەوە پەسنی زمانناسی مامۆستا مەسعوود دەکات کە دژی زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی نەبووە دەنا بە لای کاک ئەمیرەوە مامۆستا مەسعوود زانیارییەکی ئەوتۆی لە زمانناسیدا نەبووە. بۆ ئەم وتانەی کاک ئەمیر پێشەکی دەبێ بە کاک ئەمیر و ئەو خوێنەرانەی کە ئاشنای مامۆستا مەسعوود محەمەد نین بڵێم، مامۆستا مەسعوود مرۆیەکی کوردپەروەری حەقپەرست بوو، بە دیدێکی فراوانی مرۆڤدۆستانەی لیبراڵەوە دەیڕوانییە ژیان و میللەتان بە زمان و سەقافەتیانەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کاک ئەمیر پێی وایە هەر کەسێک خوێندنێکی ئەکادیمی نەبێ ئیتر ئەو کەسە زماناس نییە و هیچ زانیارییەکی لەو بوارەدا نییە، ئەگینا چۆن قسەی وەها دەکات لە کاتێکدا کەم نووسەری کورد هەیە هێندەی مامۆستا مەسعوود کتێب و وتاری بە پێز و نایابی هەبێ دەربارەی گرفتەکانی ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی. خۆ کتێبی (زاراوەسازی پێوانە) بۆ خۆی شاکارێکە لە بواری زاراوەدانان و دەستوورەکانی زاراوەدانان.

پاش ئەم چاوپێکەوتنەی ئەمیری حەسەن پوور لە ژمارە 304 ی میدیا کاک جەمال نەبەز لە وتارێکی ڕەخنە گرانە لە ژمارە 307 ی هەفتەنامەی میدیا ڕەخنە لە قسەکانی کاک ئەمیری حەسەن پوور دەگرێت، دیارە وتارەکەی جەمال نەبەز چەند بابەتێکی جیاواز دەگرێتەوە من لێرەدا تەنها باس لەو بەشانە دەکەم کە پەیوەندییان بە مامۆستا مەسعوود محەمەدەوە هەیە.

کاک جەمال نەبەز لە برگەیەکدا دەڵێ " ▯.. بێجگە لەوەش بە پشتیوانی ئاغاکانی دەوروبەری خۆی (مەبەستی مەسعوود محەمەدە) بە تایبەتی بە یارمەتیی کاکە زیادی کۆیی، گەیشتبووە هەندێک پلە و پایە بە تایبەتی ئەندامیەتیی پەرلەمانی عێراق... "

خوێنەر کاتێ ئەم قسانەی جەمال نەبەز دەخوێنێتەوە وا تێدەگات مامۆستا مەسعوود محەمەد لە ژیانیدا هە ڕاکە ڕاکەی دوای پلە و پایە بووە. ئەمە لە کاتێکدا مامۆستا مەسعوود محەمەد چ لە بۆچوونەکانیدا و چ لە ژیانی ڕۆژانەیدا مرۆڤێکی سەربەخۆ بووە و وابەستەی هیچ دەسەڵات و ڕێباز و حیزب و گروپێکی تایبەت نەبووە. ئەو وتەیەی جەمال نەبەز کە دەڵێ بە پشتیوانی ئاغاکانی دەوروبەری خۆی... جگە لە کۆمەڵێ قسەی بێبناغە و دوور لە هەموو ڕاستییەک هیچی تر نییە. مامۆستا مەسعوود محەمەد لە کتێبەکەی "گەشتی ژیانم" باس لە چۆنیەتی بوونی بە ئەندامی پەرلەمان دەکات لە سەرەتای پەنجاکاندا. مامۆستا مەسعوود ئەو کاتە ئەندامی پارتی بووە و پاڵێوراوی ئەو حیزبە بووە تەنانەت ئاماژە بەوە دەکات گەر پاڵێوراوی حیزب نەبوایە لەوانە بوو واز لە خۆهەڵبژاردن بێنێ. لە لایەکی ترەوە هەموو کەس دەزانێ مامۆستا مەسعوود لە بنەماڵەیەکی ناسراوی کۆیەیە کە ئەمەش. یارمەتیدەرێکی تر بووە بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکە دەنگی بۆ بدەن.

جەمال نەبەزیش هەروەکو ئەمیری حەسەن پێوور پێی وایە خەباتی کوردایەتیی دەبێ دژی دەرەبەگایەتیی و بۆرژوازیەتیی کورد بێ و لە هەمان کاتدا خەباتی قەومایەتی هەوڵی کۆمەڵگەیەکی یەکسان بدات. جەمال نەبەز پێی وایە نەتەوەیەکی یەکگرتوو کاتێک دروست دەبێت کە جیاوازی چینایەتی تێدا نەمێنێت.

لە ڕاستیدا ئەو کەسانەی ئەم جۆرە بیروبۆچونانە وەکو ژەهر دەخەنە مێشکی لاوی کوردەوە گەورەترین خزمەت بە داگیرکەرانی کوردستان دەکەن. ئەو کەسانە هەرگیز دەرک بەو تەناقوزە گەورەیەی نێوان کورد و دوژمنەکانی ناکەن، هەرگیز دەرک بەو بارە گرانەی سەرشانی کوردایەتیی ناکەن، لای ئەو کەسانە هەر دەڵێی کورد دوژمنی نییە. کە تۆ هاتیت و لە سەرەتای خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی تەناقوز لە نێوان کوردەکە خۆی دروست کرد بتەوێ و نەتەوێ بەم کارەت خزمەتی داگیرکەرانی کوردستان دەکەیت بەڵام چ داگیرکەرێک!!

خوێنەری بەڕێز مامۆستا مەسعوود محەمەد لە ڕوانگەی هەست کردن بە ئاسایشی نەتەوەیی و تەبایی ڕیز و چینەکانی کورد دژی ئەو بۆچوونە نامەنتقیانە بوو کە لە پەنجاکاندا و تا کۆتایی هەشتاکان چەپی کورد کردبووی بە ئەدەبیاتی خۆی. پێشکەتنخوازیی لەو ساڵانەدا ئەوە بوو کە تۆ دژی دەرەبەگ و سەرمایەدار و سەرۆک بنەماڵە هەڵوێست وەرگری. ئەمە لە کاتێکدا هەموو ئەو شۆڕشانەی کورد کە دژی داگیرکەرانی کوردستان بەرپا کراوە و کوردەکە شانازی پێوە دەکات هەر هەمووی بە سەرکردایەتی شێخ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و مەلا و سەرۆکی بنەماڵە و سەرۆک عەشیرەت کراوە. شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزا و سمایل ئاغای شکاک و قازیی محەمەد و مەلا مستەفای بارزانی چەند سەرکردەیەکی ئەم مەیدانەن. هەرگیز نەبیستراوە شۆڕشێکی کورد بە سەرکردایەتی ڕەنجبەر یا پرۆلیتاریایەکی کورد هەڵگیرسا بێ. جا بە گوێرەی مەنتقی چەپی کورد و جەمال نەبەزیش کە فیوداڵ و چینی دەرەبەگ بە دوژمنی کورد دادەنێن، دەبێ دژی مێژووی کورد و شۆڕشەکانی بین. بێگومان دەرەبەگ یا سەرمایەداری کورد هەروەکو هەژار یا جوتیاری کورد مرۆڤی خاین و خۆفرۆشیان تێدا بووە بەڵام بە گشتیکردنی دەرەبەگ یا سەرمایەدار بە خاین و دوژمنی کورد ناژیرانەیە و لەهەمان کاتدا بەشێکی بە دەسەڵات و بەرچاوی میللەتەکەت دەکەی بە دوژمنی خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی.

لە برگەیەکی تردا کاک جەمال نەبەز دەڵێ: "... بۆ وێنە ئەز ڕەخنەی ئەوەم لە کاک مەسعوود محەمەد دەگرت کە سالانی ساڵ ڕازیبوو سەرکردایەتیی کۆڕی زانیاری کورد بکات کە لە سەرەتاوە ئەو جێگەیەی لە ڕێی مەلا مستەفای بارزانییەوە دەسکەوتبوو، کەچی پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول و، بوونی کۆڕی زانیاری کورد بە لکێکی المجمع العلمی العراقی لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا کاک مەسعوود هەر لە کۆڕدا مایەوە، بەڵام کە لە هەولێر کۆڕی زانیاری کوردستان دروست بوو داوا کرا لێی کە سەرکردەیەتیی کۆڕ بگرێتە دەست، ڕازی نەبوو بەوە ئەگەر بێتو پلەی سەرەۆک وەزیران بە خۆی و پلەی وەزیریش بە هاوکارەکانی نەدرێ. دیارە پارتی ئەو پلە و پایەی پێنەدا، بێجگە لەوەش کاک مەسعوود خەڵکانێکی زۆر سەیری لە خۆی کۆکردبۆوە کە زوربەیان کۆنە سۆڤێتچی بوون... "

جەمال نەبەز هەر لە هەمان وتارەکەی میدیادا خۆی ڕەخنە لە ئەمیری حەسن پوور دەگرێت و دەپرسێ بۆچی کاک ئەمیر ئەو قسانە بە مەسعوود محەمەد دەڵێ دوای مردنی و پەندێکی کوردیشمان بۆ دێنێتەوە و دەڵێ (شەیتان دەستی هەڵگرتووە لێی)، و داوا لە ئەمیری حەسەن پوور دەکات دەست لە قسە وتن بە مەسعوود محەمەد هەڵگرێ، کەچی خۆی لەو برگەیەی سەرەوەدا بوختانی گەورەتر بۆ مامۆستا مەسعوود محەمەد دەکات و دیسانەوە بەیتوبالۆرەی پلە و پایە دێنێتە ئاراوە. ئایا جەمال نەبەز هیچ بەڵگەنامەیەک یا دۆکومێنتێکی لایە ئەوە بسەلمێنی مامۆستا مەسعوود داوای پلەی سەرۆک وەزیرانی کردوە لە پارتی. باشە کاک جەمال نەبەز تۆ بۆچی ئەو ڕەخنانەت لە مامۆستا مەسعوود نەدەگرت تاکو لە ژیاندا بوو؟ ئەم پرسیارە یەخەی تۆش دەگرێتەوە نەک تەنها کاک ئەمیر. لە ڕاستیدا ئەم بووختانەی کاک جەمال نەبەز پێویستە لە دادگا سکاڵای لەسەر تۆمار بکرێت، خۆ ئەگەر بە بەڵگەنامە و دۆکومێنت ڕاستی قسەکەی سەلماند ئەوا ئەو کاتە قسەکانی لە بازنەی بووختان کردن بە خەڵکی کە شەیتان دەستی هەڵگرتووە لێی، دێتە دەرەوە. لێرەدا حەزدەکەم ئەوە بە خوێنەرانی بەڕێز بڵێم گەر مامۆستا مەسعوود داواکاریی لەو جۆرەشی هەبووبێ هیچ نەنگییەکی تێدا نیە و پێویست ناکات دوای چوار ساڵ لە کۆچیی دوایی بە عەیب و عار بۆی لە قەڵەم بدرێ. جەمال نەبەز ڕەخنە لە مامۆستا مەسعوود محەمەد دەگرێ چونکە دوای هەرەسی شۆڕشیش بەردەوام بوو لە کار کردن لە کۆڕی زانیاری کورد. لەوە دەچێ دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول جەمال نەبەز حەزی بەوە کردبێ کە کۆڕی زانیاری کوردیش یەکسەر هەرەس بێنێ. کۆڕی زانیاری کورد کە مامۆستا مەسعوود محەمەد ئەندامی کارای بوو لەماوەی ئەو چەند ساڵە کەمەی ژیانی کۆڕدا چالاکترین دامودەزگای سەقافی کوردی بوو لە ڕووی بە پێزی بەرهەم و دیراسە جۆربە جۆرەکانی لەمەڕ زمان و ئەدەبی کوردی. کاتێکیش مامۆستا مەسعوود وازی لە کۆڕ هێنا بەرهەمیش ڕووی لە کزی کرد. زۆر جار لێرە و لەوێ هەوڵدراوە کۆڕ و ئەکادیمی بۆ ڕۆشنبیریی کوردیی دابمەزرێ بەڵام چونکە مۆرکی حیزبی یان تاک باوەڕی تێدا پیادە کراوە هەر بە ناو هەبووە و پاش ماوەیەکیش لە بیر کراوە. جەمال نەبەز پێی وایە ئەو ڕۆشنبیرانەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کورد کە لە بەغدا کاری ڕۆشنبیرییان دەکرد نە دەبوو بیکەن. لەوە دەچێ جەمال نەبەز جۆر و ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەو ڕۆشنبیرانەی بەلاوە گرنگ نەبێ بەڵکو گرنگ شوێنی کارەکەیە، ئەوە نیە بە ڕقەوە باسی دکتۆر کەمال مەزهەری ڕیزلێنراو دەکات لە لایەن سەدامەوە. تۆ سەیری ڕۆشنبیرێکی بە تەمەنی کورد بکەن چۆن بیر دەکاتەوە، لە نێو ئەو هەموو دکتۆر و پرۆفیسۆرەی کورد کە بڕوانامەی بەرزیان لە سۆڤیەت وەرگرتووە لە بواری مێژوودا، تەنها دکتۆر کەمال مەزهەرە خزمەتێکی مێژووی نەنوسراوی هەژاری کورد دەکات ئەویش ئاوهای پێ دەڵێ.

بە ڕوخسەتی کاک هەڵۆ بەرزنجی لێرەدا ئەم دەقەی نێو کتێبەکەی (ژیان و جیهانبینی) وەکو خۆی دەنووسمەوە. دەقەکەش پرسیارێکە کاک هەڵۆ لە مامۆستا مەسعوودی دەکات دەربارەی ژیانی بەغدای. ئەم دەقە لە لاپەڕە 56 دایە.

کاک هەڵۆ پرسیار دەکات و دەڵێ "زیندانی بوونت و چەرمەسەری کێشان و نمەک حەرامی کردن بەرانبەرت، بانگەشە و پروپاگەندەی ئەو ناحەزانە پوچەڵ دەکەنەوە کە گوایە لە ژێر سێبەری ناز و نیعمەتی حەسانەوەی بەغدادا توانیوتە وا ڕووبەڕووی کێشەکان بیتەوە و بنووسییت، ڕاتان لەم بارەیەوە چییە؟

مامۆستا مەسعوود وەڵام دەداتەوە و دەڵێ "لە بارەی چی دەگوترێ بە دەوری ژینم لە بەغدا، ئەگەر لە هەر شوێنێکی دیکەشدا بامایە شتێکی وەک ئەوە هەر دەگوترا. کابرای قسەی وەها دەکات بۆ خۆی لەوانەیە چەکی هەڵگرتبێ دژی کورد، پەکی بە هیچ نەکەوتووە، منیش قوڕە چەورەی دەستی کەس نیم بۆ کەیفی ئەو ببزوم: لە نووسینیشمدا ڕوونم کردۆتەوە چۆناوچۆنی بە ناچاری هاتمە بەغدا. لە بەغدا ببم و لە کۆیە و لە هەر شوێنێکی قەڵەم و کاغەزی لێ بە چنگ بکەوێ هەر ئەوە دەنووسم کە باوەڕم پێی هەیە، ئەگەر نەختێک ئینساف هەبێ، کە زۆر کەمە، دەبوو تێبینی ئەوەم بۆ بکرێ کە سەراحەت لە بەغدادا پتر جێی ڕەزامەندی مرۆی دڵسۆز بێت".

منیش لێرەدا لەگەڵ مامۆستا مەسعوود دەڵێم سەراحەت لە بەغدادا دەبێ پتر جێی ڕەزامەندی مرۆی دڵسۆز بێت نەک لە بەرلینی ئازاد.

کاک جەمال نەبەز لە برگەیەکی تردا ڕەخنە لە کاک ئەمیری حەسەن پوور دەگریت و دەڵێ:"□... ئەمەیان واو، کاک ئەمیریش زۆر بێ ویژدانانە دەبێژێ مەسعوود محەمەد زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی زمانناسی نەبوو. ڕاستییەکەی مرۆڤ هەڵوێستی هەرچییەک بێ بەرامبەر بیروڕاو سەرنجەکانی مەسعوود محەمەد، ئەگەر شارەزای زمانی عەرەبی بێ و کەمێکیش ویژدانی هەبێ، دەبێ دان بەوەدابنێ کە کەم نووسەری عەرەب هەیە توانیبێتیان دەقێک بە عەرەبی بنووسن وەک مەسعوود محەمەد□.. ".

ڕاستە عەرەبی نووسینی مامۆستا مەسعوود محەمەد شتێکی کەم وێنەیە. بەڵام سەیر لەوەدایە جەمال نەبەز بە هیچ جۆرێ ئاماژە بۆ نووسینە کوردییەکانی مامۆستا مەسعوود ناکات، ئاماژە بۆ ئەو بەرهەمانە ناکات کە دەربارەی ڕێزمان، ڕێنووس و گرفتەکانی زمانی کوردی نوسیوویەتی. هەر دەڵێی کاک جەمال نەبەز ئەم نووسینانەی نەبینیوە، یاخود دان بە پێز و هێزی نووسینە کوردییەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەدا نانێ، یاخود دەیەوێ بەو خوێنەرە کوردەی کە ئاشنای بەرهەمەکانی مامۆستا مەسعوود نییە بڵێ مامۆستا مەسعوود هەر بە عەرەبی نووسینی هەبووە. لە ڕاستیدا ئاماژە کردن بۆ بەرهەمە زمانەوانییەکانی لەمەڕ زمانی کوردی، نەک نووسینە کوردییەکانی یا عەرەبییەکانی پتر قسەکانی ئەمیری حەسەن پوور پووچەڵ دەکەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-10-2007 0:31 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

خوێنەری بەڕێز نووسینەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد خوێندنەوەی قوڵ و وردی دەوێ. بۆ ئەوەی تۆی خوێنەر ئاشنای کوردی نووسینی مامۆستا مەسعوود، هێزی دەربڕین، فەلسەفە و بیروڕاکانی بی فەرموو سەیری ئەم سایتە بکە کە زۆربەی بەرهەم کوردییەکانی لە خۆی کۆکردۆتەوە و تەنها تایبەتە بە بەرهەمەکانی ئەو بیریارە مەزنە.

فەرموو لەگەڵ ئەدرێسی ماڵپەرەکە:

www. mamosta. net

وریا ماملێسی

ستۆکهۆڵم 2007/09/30

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.